# به یادی شۆڕشی ئەیلولی مەزنی کورد

## ئەحمەد دەشتی

ئەمڕۆکە یادێکی پیرۆزو پڕ لەسەربەرزی و خۆشەویستی و گیانی یەکبوونی سەرتاسەری گەلی کوردە ،یادی 44سالی ڕەبەق بە سەر ڕۆژی وەدی هاتن و هەلگیرسانی بلێسەی شۆرشی مەزنی ئەیلولە ئەو شۆڕشەی کە



لە سالی 1961 هەلگیرساوگڕو گلپەی بەرز بۆوە، ئەو یادەپیرۆزەی کە هەتا هەتایە گەلی کورد یادی دەکاتەوەو جێگەی شانازی و سەربەرزیە لە مێژووی گەلی کورد دا،شۆڕشی ئەیلولی مەزن یادی قوربانی دان و خەبات و ڕاپەڕین و بەرخودانە یادی قارەمانان و دڵسۆزانی خەباتگێڕو ڕۆلە دلێرەکانی پێشمەرگەی کوردستانە کە بە هەستی پۆلایین و ئازایەتی و دلێری خۆیان بەسەدان داستانی پالەوانانەو کوردانە و نەمرانەیان خولقاند، یادی ئەو قەلا سەخت و پتەوەیە کە لەبەر چاوی هەموو دوژمنان و داگیرکەران دا پڕ لە ترس و زراوو زەندەق چووبوو،ئەو شوڕشەمەزنەی کە بەرابەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرکردایەتی کەسایەتیەکی شۆڕشگیڕو نەترس و

ئازاو شاسوارێکی وەک مستەفا بارزانی نەمر هاتە ئاراوەو ئاگری بەتینی ئەو شۆڕشە مەزنە گەلێ لاشەی دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستانی لە خاک راداو گڕی سوتێنەری خۆی بەردایە جەستە دگیرکەرانی دڕندە و نەیارانی کوردو کوردستان ، ئەو شۆڕشە مەزنەی کورد کە ڕۆژ لە داوی ڕۆژ زیاتر بڵێسەی بەرز دەبۆوەو و گەشەدار ترد دەبوو و سەرتا سەری باشوری کوردستانی گرتبۆ وە و لە پێناوی ئازادی و ڕەهایی و ڕزگاری گەلی کورد لە چنگ داگیرکەرە دڕندەکانی کوردستان دا بە بە هۆی زۆرداریان و دان نەنانیان بە مافە ڕەواکانی گەلی کورد هەر دەهات و پتەو تر دەبوو و وەک پێویسیەکی دیرۆکی شۆڕشی ئەیلولی مەزن بەرپابوو و لە ناو دڵی سەرتا سەری گەلی



کورد لە سەرتا سەری کوردستانی مەزن دابوو.


گەلی کورد کە هەمیشە وەک ویستی خۆی هەرگیز حەزی بە شەڕو شۆڕ نەکردوو و هەرگیز پەلاماری چەکی نەداوەو خاکی کەسێکی هەرگز داگیر نەکردووە تەنیا لەو دەمانە نەبێت کە داگیرکەران و نەیارانی کوردستان مافە ڕەواکانی گەلی کوردیان پێشێل کردوە و دژ بە خواست و ویستی ڕەواو میللی گەلی کورد هەنگاویان هاویشتووە و ئەوسا گەلی کورد و قارەمانان بەرگریان لە بوونی کوردستانی خاکی باوو باپیرانی خۆیان کردووە و و کە کورد دەستیشی داوەتە چەک و ڕاپەڕین و شۆڕشی بەرپا کردووە ئەوا لە هەلێری خەبات و تێکۆشاندا هەمیشە دوژمنانی خۆی بەزاندووەو هەر لە شۆڕشەکانی ڕابوردووی کوردستان شۆڕشیی شیخ عەبدولسەلامی بارزانی و مەهابادی خوێناوی و شۆرشەکانی تری بارزان و هەتا شۆڕشی ئەیلول و گوڵانی سەرکەوتو دەبینین کە گەلی کورد هەرگیز چۆکی بەرامبەر بە دوژمنان دا نەداوە و هەمیشە بۆ ڕزگاری و ژیانێکێ شەرافەتمەندانە لە سەر خاکی باوک و باپیرانی خۆی دا تەنگی بە دوژمنان هەڵچنیوە،هەلگیرسانی شۆڕشی ئەیلولی مەزنیش پیویستیەکی مێژوویی بووکە هاتە مەیدان و لە پێناوی مافە ڕەواکانی زەوت کراوی گەلی کورد دا چۆکی بە دوژمنان داداو مافی ئۆتۆنۆمی بۆ باشوری

کوردستان دابین کرد. ئەو شۆڕشە مەزنەی کوردو کوردستان کە لە 11 ئەیلولی 1961 دا هەلگیرسا هەمیشە گەلی کوردی بەرەو پێشەوە بردوەو ڕۆژ لە دوای بلێسی بەرز تر دەبۆوەودەبوو بە هۆکارو هیوای سەرکەوتنی گەلی کورد و لەناو هیوای سەرکەوتنی لە ناو دڵی دڵسۆزانی کوردستان دا پتر کردوەو هەردەم گەشەدارتر بووە و هیوای ئازادی و ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردو کوردستانی پتەوتر کردووە، ئەو شۆڕشە مەزنەی کە بە دوژمنانی گۆت ئەی نەیارانی داگیرکەرو دڕندە خەیاڵتان خاوە کە گەلی کورد هەرگیز لە ناو ناچێت و ڕۆژێ دێت کە گەلی کورد ئالا ڕەنگینەکەی کوردستان لە سەر خاکی خۆی و تەواوی جیهان دا هەل بدات و چاوی نەیاران و داگیرکەرانی کوردستان کوێر بکات ، ئەو شۆڕشەی کە هەر لە خانەقینەوە تا سینجاری گرتەوە و زۆربەی هەرە زۆری ناوچەکانی کووردستانی ئازیزی ڕزگار کردو ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش ناوچە ئازاد کراوەکان بەر فرەتر دەبوون و دوژمنانی گەلی کورد لە گەل ئەو هەموو چەک و جبەخانەو پارەو پول و داراییان ئەوسا کونە میشکیان لێ ببوو بە قەیسەری و لە هەرچوار لای باشوری کوردستانەوە لە چنگ پێشمەرگە دلێرو قارەمانەکانی کوردستان دا سەریان لێ شێواو و جێیان پێ جێ نەمابوو چونکە پێشمەگە نەبەزەکانی کوردستان کارێکیان بە دوژمنان دەکرد کە با بە دەواری



شڕی ناکات، ئەگەردڵسۆزانە و کوردپەروەرانە ئاوڕێک لەو ڕۆژگارانەی ئەو شۆڕشە گەورەیە بدەینەوە و تێی بڕوانین دەبینین و بۆمان دەردەکەوێت کە لە گەل نەداری و بێ چەکی و نەبوونی داراییەکی ئەوتۆ کە بە تێرو تەسەلی پێویستیەکانی ئەو شۆرشە مەزنە دابین بکات و نەبوونی هیچ دۆستێکی دەرەکی لە هەر چوار لای کوردستانەوە کە یارمەتی شۆڕش بدەن و،خۆ نەبوونی دەرامەتێکی ئەوتۆ کە جێگەی باس بێت جگە لە هاوکاری گەلی کوردی قارەمان بەولاوە کە بەماڵ و بە گیانیان هاوکاری ئەو شۆڕشەی خۆیان دەکرد و بە چەک و پارەو هەستو بیریاهنەوە تەنیا یارمەتی دەری ئە شۆڕشە مەزنە بوون و شۆڕشی خۆیان لە چنگ هەموو هێرش و پەلامار دانە

درندەکانی دوژمنان دەپاراست و بە یەک گیانی و یەکگرتن و خۆشەویستیان بەرامبەر بە شۆڕشی مەزنی ئەیلول لە هیچ شتکی درێغیان نەدەکردو خۆشەویستی سەرکردایەتی ئەو شۆڕشەی خۆیان کە بارزانی نەمر بوو لە ناو دڵ و دەروونی هەموو کوردێکی خاوەن کەرامەت و شەرەف جێگەی خۆی گرتبوو سەرکردایەتی و هەموو دام و دەزگاو پێشمەرگەی کوردستان تەنیا و تەنیا لە خزمەتی کوردو کوردستان بوون و بۆ پاراستنی کوردستان قەلایەکی سەخت و پڕ لە زەندەق چوو بوون،شۆڕشی ئەیلولی مەزن لاناو دڵی سەرتاسەری دوژمنانی کوردستان دا و هەتا ئەو ڕۆژەی کە بڵێسەی ئەو شۆڕشە مەزنەی سوتینەری گیانی ڕزیوی دوژمانی کوردستان مابوو ببوە چقلی



چاوی دوژمنان و هەر بۆیەس بوو کە گەلی کوردی هیچ درێغیەکیان نەکرد لە پەرە پێدان و هاوکاری‌مادی و مەعنەوی و گیانبازی لە ڕێگەی سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە مەزنە دا ، ئەگەر بڕوانینە هاکارو ڕەوشی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلولی مەزن بە ڕابەرایەتی بارزانی نەمر دەبینین کە لە گەل ئەو هەموو وەزعە نالەبارانە و ئەو هەموو بۆردومان و هێرشی دڕندانەی داگیرکەرانی کوردستان داو لە گەل ئەوەش کە شۆڕشی ئەیلولی مەزن تەنیا سەرچاوەی ژیان و گوزەرانی خەلکی بە شەرەفی کوردستانی خۆی بوو کە لەهیچ لایەکی

دەرەکێوە  ئەو هاوکاریەی شۆڕش لە هەموو ڕوییێکەوە نەدەکرا،ئەوسا پارتی دیموکراتی کوردستان بە ڕابەرایەتی بارزانی نەمرکە جێگەی لە ناو دڵی خەلکی کوردستان دابوو چارەسەری کەم و کوڕیەکانی مادی دەکرد ، هەموو هەولێکی ئەو شۆڕشە بۆ بە شارستانیەت کردنی کوردستان لە ناو هەموو ناوچە ئازد کراوەکانی ژێر دەسەلاتی خۆی بوو کە  هیچ درێغیان لە وەدی هینانی کادیرانی پیشەیی و ساز دانی قوتابخانەکان و دروست کردنی



نەخۆشـــــــــخانەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و دارایی و تەربیە و دەزگای کۆمەلایەتی و دەزگای پێشمەرگە و ئاوەدان کردنەوە و کادرانی ڕاگەیاندن و تەندروستی و ئامۆزش و سەربازی و سیاسی وەدی دەهێناو لە سەرتا سەری ناوچە ئازاد کراوەکانی کوردستان دا هەموو کادران و خەلکی دڵسۆزی کوردستان و پێشمەرگە پالەوانەکانی کوردستان لە خزمەت خاک و نەتەوەکەیان دا بە گیانێکی پڕ لە خۆشەویستی و یەک گرتنی کوردستانی ئازیز دا شەوو ڕۆژ لە هەول و تێکۆشان بۆ سەرکەوتنی گەلی کورد نەدەوەستان و قارەمانانە بەرگریان لە کوردستان و پیشکەوتنی گەلی کوردو ئازادی و ڕەهایی خاکی نیشتمان دەکردو هەر لە زاخۆوە تا خانەقین کورد هەمووی بە تێکرایی جگە لە خۆفرۆشان یەکپارچەو یەک دەنگ بوون و سەرکردایەتی بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان و پێشمەرگەیان خۆش دەویست و لە پێناوی ئامانجە پیرۆزەکانی خۆیان بەخت دەکرد،هەرچەند کە دوژمنانی گەلی کورد لە ڕووی چەکەوە گەلێ بە هێز ترو پڕ چەک تر بوون بەلاَم شۆڕشی ئەیلولی مەزن نە حیکمەت و لێ هاتوویی سەرکردایەتی بارزانی نەمر توانی کە چۆک بە دوژمنانی گەلی کورد دابدات و داگیرکەرانی کوردستان وادار بە دان نانی مافەکانی ئەو سەردەمانەی کە داواکاری شۆڕش بوو دان پێ بنێن و بڕیاری وەستانی شەڕ بدەن و  بەیانی 11 ئازری سالی 1970 مۆر بکەن و ئۆتۆنۆمی بۆ باشوری کوردستان دابین بکرێت و دوژمان بە ناچاری دان بە مافەکانی گەلی کورد بنێن،کە ئەمەش دەسکەوتێکی گەورەو مێژوویی بوو کە لەو ڕۆژگارانە دا دوژمنانی دڕندە دانیان پێ ناو بۆ


گەلی کورد هاتە کایەوەو جێگەی شانازی و سەربەرزی شۆرشی ئەیلولی مەزنەکە ئەم دەسکەوتانە وەدی هات.

بەلأم هەروەک کە دوژمنانی کورد خەسلەتێکی میژوییانە هەمیشە پاشگەز دەبنەوە لە پەیمان و ئەو ڕێکەوتنانەی کە بۆ وەختی و کات بە سەر بردن وەک ئەمرۆش کە لە ئارا دایە مۆریی دەکەن و بەلأم دوایی بێ شەرمانە لێی پەشیمان دەبنەوە ، ئەوساش دکتاتۆرە ملهوڕەکەی وەک سەدامی بەغدایی لە مور کردن و پەیمانەکان پەشیمان بۆوەو دانیان بە کەرکوکی دڵی کوردستانەوە وەک خاکی کوردستان نەهێنا،بەلأم مستەفابارزانی نەمرو قارەمان فەرمووی کە ( کەرکوک دڵی کوردستانە و ئەگەر کەرکوک نەبێت ئەوا کوردستانیش نیە و بەهیچ شێوەیەک سازش لە سەر کوردستانیەتی کەرکوک ناکرێت و ئەگەر کوردێکیش لە کەرکووک نەهێلن ئەوا کەرکوک هەر



کوردستانە) بەلی بارزانی نەمر قەت سازشی لە سەر بستێک لە خاکی کوردستان نەکردو لە سەر کەرکوکی کوردستان دیمان کە ئەو شۆڕشە مەزنەی کورد و کەسایەتی بارزانی نەمر چیان وەسەر هات و چۆن بارزانی خۆی کردە قوربانی کەرکوکی دلی کوردستانەوە ، هەرچەندە کە داگیرکەرانی کوردستان توانیان کە لە ساڵی 1975 بەو یەکگرتنەیان دژ بە کورد کە هەمیشە ئاوا بوونە و لەو سالەدا لەپشتەوە ڕا ئەوخەنجەرە ژەهراویەی کە وەشاندیان لە گەلی کورد بدەن وئەو کارەساتە گەورەیەی ساڵی 1975 بە سەر گەلی کورد بێنن و لە ئەلجەزیرەی هەواری بۆمیدیانی نەعلەتی و تارانی شای ئێران و بەغدای سەدامی خوێن ڕیژ و دوژمنانی کورد ئەو پیلانە مەزنە دژ بە کوردو کوردستان بە خیانەت کردنی ئەمەریکا دژ بە بارزانی و شۆڕش کە لەو ڕۆژگارانە دا ئەنجامیان داو توانیان کە دژ بە گەلی کورد هەنگاو باوێن و بە هەزاران ڕۆلەی پیشمەرگە دڵیرو ئازاکانی شۆڕشی ئەیلول ناچار بکەن کە چەک دابنێن و ئەو زامە قولە بخەنە سەر جەستەی کوردو کوردستان و شۆڕشی مەزنی کورد بەو هەرەسە گەورەیە بگەیێنن کە دیمان ، بەلأم

داگیرکەران و دوژمنای کوردو کوردستان خەیاڵیان خاو بوو هەرگیز نەیان توانی کە قەت و قەت  بیرو هەستی کورد لە ناو دەرونی دلسۆزانی کوردستان دەربێنن و هەستی ئازادی و ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان لە ناو دڵی



گەلی کورد هەرەس پێ بدەن،هەرچەند کە ئەو شۆرشە مەزنە توش بەو هەرەسە کرا بەڵام بیری تۆلەو هەستی کوردایەتی بەهێز تر کردو دیمان هەر لە دوای کەمتر لە ساڵیک دیسان بلیسەی شۆرشی کورد لە کوردستان هەلگیرسایەوەو لە هەموو لاوە کوردستان بۆوە بە سەنگەری خەبات و شۆرش و ڕاپەڕین،دیمان کە دیسان شۆڕشی گولانی سەرکەوتوو لە گارەو مەتین و هەورامان و هەموو ناوچەکانی تری کوردستان وەک ژیلەمۆ گڕی بلیسەی نەکوژایەوە و سەر لەنوی سەری هەلدایەوە و بۆ سوتانی تەنی دگیرکەران هاتە کایەوە و دوژمان نەیان توانی کە هەستی کوردایەتی و شۆرش و ڕاپەڕین بۆ هەتایە کەم بکەن و لە ئاکامیش وا دەبینین کە ئەمڕۆکە گەلی کورد لە کوێیە و دوژمنانی وەک سەدام و شاو بومیدیەنی گۆڕ بەگۆڕ و داگیرکەرانی کوردستان لە کوێن،ئەمڕۆ لە سایەی شۆڕشی ئەیلولی مەزن و خەبات و تێکۆشانی بارزانی نەمرو ڕشتنی خوێنی هەزاران هەزار شەهیدانی کوردوکوردستان و هەولی دڵسۆزنی کورد وا دەبینین کە ئەمڕۆ گەلی کورد بەرەو سەربەخۆیی و سەرکەوتنی هەمیشەیی دەڕوات و کوردستان وا ئاوەدان دەکرێتەوە و بەرەوپیشەوە دەڕوات و دوژمنانی کوردو کوردستانیش بە

**تێکراییی کەنەفت و پەک کەوتوو و بەر تف و نەفرین کەوتوون و ئەمڕۆ وا ئالآی کوردستان لە بەرزایی ئاسمان دا دەلەرێتەوەو و چاوی داگیرکەران و هەموو نەیارانی کورد کوێر دەکات و گەلی کورد کوردستانی خۆی ئاوەدان دەکاتەوە و گیانی یەکگرتن و پاراستنی کوردستان بە یەکپارچەیی هەر پتەو تر دەبێت،ئەوەی کە ئەمڕۆ گرنگە بۆ کورد ئەوەیە کە کورد یەکپارچەو یەکگرتوو بێت و دژ بەو دوژمنانەی کە ئەمڕۆش وان لە سەنگەرو هەولی لە ناو بردن و تەعریب کردنی خاکی کوردستان بە تیکڕایی دەدەن و ئێستاش خاکی عێراق بە خاکی عروبەی ناو دەبەن و لە میسرو قەتەرو زۆربەی هەرە زۆەری وەلآتانی عارەبی دان بە کورد ناهێنن و دەیانەوی کە گەلی کورد بە مافەکانی خۆی نەگات و دیسانەکە کارەساتەکان وەدی بێننەوە،دەبێ ئێمەی کورد پەند لە ڕابوردووەکان وەر بگرین و ڕێز بۆ هەموو گەورە مەردان و شەهیدانی کوردستان بە دڵ و بە گیان دابنێین و هەرگیز باوەڕ بە دوژمنانی دیرۆکی کوردو کوردستان نەکەین و مادەی بەیەکەوە ژیانی ئارەزومەندانە وەجێ بینین و ڕۆژی بێت و بڕیاری خۆمان بدەین کە بە ئارەزووی خۆمان نامانەوی لە گەل عارەب دا جێتر بژین ئەوان لە ماڵی خۆیان و کوردیش لە مالی خۆیان دا سەربەخۆ و ڕەها بژێت،من ئەوەی کە لە هەمووی پێم باشترە تەنیا ئەو بڕگەیەی ژیانی بەیەکەوە ئارەزومەندانەیە کە کورد دکاری زیاتر لە هەموو بڕگەکانی تر تیادا سودوەدربگرێت،پێم وایە ئەم بڕگەیەی دەستوری هەمیشەیی کە دانی پیا نراوە شتێکی زۆر باشەو دەبی ڕۆژی گەلی کورد نەفرین لەو ئارەزووە بکات کە ژیان لە گەل عارەبان دایە.**

**بژێ یادی شۆرشی ئەیلولی مەزن و هۆکاری هەموو دەسکەوتەکانی کوەدو کوردستان .**

**هەزاران سلآو بۆ گیانی پاکی بارزانی مستەفای گەورە و مەزنی کورد کە بۆ هەتا هەتایە هەرگیز نامرێت وناوی سەروەری هەر دەمینێ وجێگەی شانازی و رەمزی کوردە.**

**هەزاران سلآو لە گیانی پاکی هەموو شەهیدانی کوردو کوردستان کە لە پێناوی ئازادی و رەهایی و سەبەخۆیی کوردو کوردستاندا گیانی خۆیان بەخشی.**

**هەزاران سلآو بۆ گیانی پاکی کاکە ئیدریسی جوانە مەرگ و هەردەم لە یادمان و هەموو هەڤالان و مامۆستایان و ڕابەرانی گەلی کوردو کوردستان بژی کورد بژی کوردستان سەرشۆڕێ و نەمان بۆ داگیرکەرانی کوردستان و خیانەتکاران**

11.9.2005.